د. ئەورەحمانی حاجی مارف

# جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا

دەربارەی جێناوی کەسیی‌لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا سێ کێشە هەیە :

١ - بەشێکی زۆری زانایان ئەگەرچی وا ڕادەگەیەنن ، کە دەستەی دووەمی جێناوەکان لەم دیالێکتەشدا وەك دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەردەکەون ، بەڵام بەکۆتایی کرداریان لە قەڵەم دەدەن .

٢ - زوربەی توێژەران وایان نیشان‌داوە ، کە لەکرمانجیی ژووروودا دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە نین‌و هیچ حاڵەتێکی لەو چەشنە نابینرێ .. هەندێکیش ئەوەیان نیشان‌داوە ، ئەگەرچی لە دیالێکتی ژووروودا دەستەی یەکەمی ئەو جێناوانە بەرچاوناکەون ، بەلام ئەو مەبەستەی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا دەیگەیەنن‌و ئەو دەورەی دەیبینن ، لە کرمانجیی ژووروودا لە شێوازێکی ێجگار نێزیکدا دەردەبڕرێن .

٣ - نزیکەی هەموان لەو ڕایەدان کە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ، تەنیا (ێ) جێناوی لکاوە .

ئەگەرچی دەستەی دووەمی جێناوەکان وەك دەستەی یەکەم چالاك‌نین ، بەلام ئەمانیش هەر وەك دەستەی یەکەم دەتوانن ببنە بەشێك لە ڕستەو دەوری کارا یان بەرکار ببینن‌و جگەلەوەی بەکردارەوە دەلکێن ، هەروەها دەچنە سەر گەلێ بەشە ئاخاوتنی‌تریش‌و .. جا بۆیە ڕاست‌نییە بەکۆتایی کردار لە قەڵەم بدرێن[1] .

جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لەم شێوەیەی خوارەوەدا دەبینرێن :

| ژمارە | کەس | جێناوی لکاو |
| --- | --- | --- |
| تاك | یەکەم<br>دووەم<br>سێیەم | م<br>ی<br>ە.. |
| کۆ | یەکەم<br>دووەم<br>سێیەم | ن |

**نموونە** :

(م) ـ کەسی یەکەمی تاك ـ « دکم ، بنهێرم »

ئـەز **دکم** خوەش بنهێـرم ل جـەمـالا وە هـەردوو خوشکانە .

(مەمێ ئالان ، ل ٤٥)

(ی) ـ کەسی دووەمی تاك ـ « دزانی »

شێخێم ! تو **دزانی** ئەڤ جزیرە
تێکدا کوبەراو کوردمیرە

(خانی ، ل ١٥٢)

کەسی سێیەمی تاك :

(٠) ـ « ڕابوو »

... پاشێ ئەو ژجی یێ خوە **ڕابوو** ..

(کوردۆ ، ل ٣٥)

(ە) ـ « هاتە »

ئێڤارێ ، چاخێ ئەو **هاتە** ماێ ...

(کوردۆ ، ل ٤٥)

(ن) ـ کەسی یەکەمی کۆ ـ « وساکن ، ئەداکن »

هەرچی تو دبێژی ، ئەم **وساکن**
هەرچی تو دخوازی ، ئەم **ئەداکن**

(خانی ، ل ١٥٨)

(ن) ـ کەسی دووەمی کۆ ـ « بگرن »

کۆ : « هوونێ ژ سـوباهی هـەیانی ئێڤـارێ ، ژ ئێڤارێ هەیانی سبەهێ لدۆرا قەسرا مەمێ نۆبەتێ **بگرن** » .

(مەمێ ئالان ، ل ٤١ ـ ٤٢)

(ن) ـ کەسی سێیەمی کۆ ـ « ڕابوون ، دەرکەتن »

خورتێن کـوردان **ڕابوون** ، ب دەرکـەتن ژ ئۆدەو قاوشانە .

(مەمێ ئالان ، ل ٥٣)

وێرای ئەو جێناوانە ، کە فۆرمی سەرەکین بۆ زمانی ئـەدەبی و ئاخـاوتنی بەشـە دیالێکتـەکانی کـرمـانجیی ژووروو ، لەهـەنـدێ بـەشـە دیـالێکتـدا فـۆرمی دی بەرچاودەکەوێ . بەوێنە :

* لە بەشە دیالێکتی بادیناندا بۆکەسی یەکەمی کۆجگە لە (ن) ، فۆرمی (ین) یش بەکاردێنرێ[٢] وەك:

... وەکی **مەبهیستین** مەوێ **نفیسین**

(خالید حسەین ، ل ٣)

.. لێبلا ئەم ژبیر **نەکەین** کو ..

(خالید حسەین ، ل ٣)

* لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستاندا هەندێ جار بۆکەسی یەکەمی تاك فۆرمی (مە) و بۆکەسی یەکەمو دووەمو سێیەمی کۆ (نە) ش بەکاردێنرێ[٣] .

* هەندێ لە نووسەران وایـان دیاریکـردووە لە بەشـە دیالێکتی کوردەکانی سوریا[٤] و ئازربایجاندا[٥] (ی) و لە ناوچەی بادینانی عێراقدا[٦] (یت) دەبنە جێناوی لکـاوی کـەسیی سێیەم . بـەڵام لەڕاستیـدا چ (ی) و چ (یت) زیادەی گەردانین نەك جێناوی لکاو .

جـێنـاوە لکـاوەکـانـی دەسـتـەی دووەم لەم دیالێکتەشدا ، هەروەك لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووا دەچنـە سـەر کـرداری ڕانەبـوردووی تێنەپـەڕو تێپەڕو ڕابوردووی تێنەپەڕ :

**تێنەپەڕ**

ا) کاتی ڕانەبوردوو

١ ـ کاتی ئێستا :

تاك ــ ئەز دکەڤم[٧]
تو دکەڤی
ئەو دکەڤە[٨]

کۆ — ئەم / هوون / ئەو ئەوان — دکەڤن[9]

٢ - کاتێ ئایندە :

تاک — ئەزێ بکەڤم[10] / توێ بکەڤی[11] / ئەوێ (ئەو ، وێ) بکەڤە

ئەمێ / هوونێ / ئەوێ (ئەو ، وێ) — بکەڤن

ب) کاتێ ڕابوردوو
یەکەم - ڕابوردووی ئیخباری
١ - ڕابوردووی ئیخباریی نزیک :

تاک — ئەز کەتم[12] / تو کەتی[13] / ئەو کەت[14]

کۆ — ئەم / هوون / ئەو — کەتن[15]

٢ - ڕابوردووی ئیخباریی بەردەوام :

تاک — ئەز دکەتم / تو دکەتی / ئەو دکەت

کۆ — ئەم / هوون / ئەو — دکەتن[16]

٣ - ڕابوردووی ئیخباریی تەواو :

تاک — ئەز کەتمە / تو کەتیی ی / ئەو کەتی یە[17]

کۆ — ئەو / هوون / ئەو — کەتنە[18]

٤ - ڕابوردووی ئیخباریی دوور :

تاک — ئەز کەتبووم[19] / تو کەتبووی / ئەو کەتبوو

کۆ — ئەم / هوون / ئەو — کەتبوون

دووەم - ڕابوردووی ئینشائی :
١ - ڕابوردووی ئینشائی نزیک

تاک — ١ - کەتبم / ٢ - کەتبی / ٣ - کەتبە

کۆ:
- ١ -
- ٢ -
- ٣ -

← کەتبن

٢ - ڕابوردووی ئینشائی بەردەوام

تاک:
- ١ - بکەتاما
- ٢ - بکەتایی
- ٣ - بکەتا

کۆ:
- ١ -
- ٢ -
- ٣ -

← بکەتانا

٤ - ڕابوردووی ئینشائی دوور :

تاک:
- ١ - کەتبوویاما ، کەتبووما
- ٢ - کەتبوویایی
- ٣ - کەتبوویا[20]

کۆ:
- ١ -
- ٢ -
- ٣ -

← کەتبوویانا ، کەتبوونا

٣ - ڕابوردووی ئینشائی تەواو :

تاک:
- ١ - بکەتاما
- ٢ - بکەتایی
- ٣ - بکەتا

کۆ:
- ١ -
- ٢ -
- ٣ -

← بکەتانا

**تێپەڕ**

کاتی ڕانەبوردوو

١ - کاتی ئێستا :

تاک:
- ئەز دنقیسم
- تو دنقیسی
- ئەو دنقیسە

کۆ:
- ئەم
- هوون
- ئەوان

← دنقیسن

٢ - کاتی ئایندە :

تاک:
- ئەزێ بنقیسم[21]
- توێ بنقیسی
- ئەوێ بنقیسە

کۆ:
- ئەمێ
- هوونێ
- ئەوێ

← بنقیسن

بەم جۆرە بینیمان جێناوەکانی دەستەی دووەم لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا هەر بە کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕو تێپەڕو ڕابوردووی تێنەپەڕەوە دەلکێن - واتە لەم ڕووەوە بەتەواوی لەگەڵ کرمانجیی خواروودا یەکدەگرنەوە . لە ڕووی فۆرمیشەوە تەنیا لەکەسی سێیەمی تاکو یەکەمی کۆدا کەمێ جیاوازییان هەیە ، دەنا فۆرمەکانیدی بەتەواوی لەیەکدەچن .

* * *

دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان کە لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا زۆر چالاکن و بەشێوەیەکی سەرەکی

دەچنە سەرکرداری تێپەڕی ڕابوردوو لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا بەهیچ چەشنێك نابینرێن . نەبوونی ئەم جێناوانە وای لە هەندێ زمانەوانان کردووە ، وادابنێن لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە ڕابوردووی تێپەڕدا جێناوی لکاو لەگەڵ کرداردا دەرنەکەوێ .. لەڕاستیدا لەهەندێ حاڵەتدا جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم (نەك یەکەم) بەکۆتایی کرداری تێپەڕی ڕابوردووەوە دەلکێن . هاتن و نەهاتنی ئەو جێناوە لکاوانەش بەبوون و نەبوونی بەرکارەوە بەندە[22]

بەوپێیە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەتوانین دوو حاڵەت دەستنیشان بکەین :

**١ - دەرکەوتنی جێناوی لکاو .**

ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار نەبێ ، ئەو کاتە جێناوی لکاو پەیدا نابێ[23] و کردارەکە لەیەك فۆرمدا بۆ هەموو کەسەکانی ژمارەی تاك و کۆ دەبینرێ . بۆ نموونە :

**أ - ڕابوردووی نزیك .**

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاك | من | کر[24] | من کردم |
| | تە | | تۆ کردت |
| | وێ ، وی | | ئەو کردی |
| کۆ | مە | | ئێمە کردمان |
| | وە | | ئێوە کردتان |
| | وان | | ئەوان کردیان |

**ب - ڕابوردووی بەردەوام .**

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاك | من | دکر[25] | من دەمکرد |
| | تە | | تۆ دەتکرد |
| | وێ ، وی | | ئەو دەیکرد |
| کۆ | مە | | ئێمە دەمانکرد |
| | وە | | ئێوە دەتانکرد |
| | وان | | ئەوان دەیانکرد |

**حـ - ڕابوردووی تەواو .**

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاك | من | کرییە[26] | من کردوومە |
| | تە | | تۆ کردووتە |
| | وێ ، وی | | ئەو کردوویە |
| کۆ | مە | | ئێمە کردوومانە |
| | وە | | ئێوە کردووتانە |
| | وان | | ئەوان کردوویانە |

**د - ڕابوردووی دوور**

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاك | من | کربوو[27] | من کردبووم |
| | تە | | تۆ کردبووت |
| | وێ ، وی | | ئەو کردبووی |
| کۆ | مە | | ئێمە کردبوومان |
| | وە | | ئێوە کردبووتان |
| | وان | | ئەوان کردبوویان |

**تێبینی :**

چۆن کرداری ڕابوردووی تێپەڕ لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووا بێ جێناوی لکاو نابێ ، لە دیالێکتی ژوورووشدا کرداری تێپەڕی ڕابوردوو بێ جێناوی کەسیی جودای دۆخی تیان نابێ . بەوێنە :

| کرمانجیی ژووروو | | کرمانجیی خواروو |
|---|---|---|
| من | خار | خواردم |
| تە | | خواردت |
| وێ ، وی | | خواردی |
| مە | | خواردمان |
| وە | | خواردتان |
| وان | | خواردیان |

**٢ ـ دەرکەوتنی جێناوی لکاو :**

ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار هەبێ ، ئەودەمە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم دێنە سەر کۆتایی کردار [٢٨]

بۆ نموونە :

**ا) ڕابوردووی نزیك :**

تاك —
تە ئەز شاندم
من تو شاندی
ئەوی ئەو شاند

کۆ —
تە ئەم
من هوون
ئەوی ئەو
— شاندن

**ب ـ ڕابوردووی بەردەوام .**

تاك —
تە ئەز دشاندم
من تو دشاندی
ئەوی ئەو دشاند

کۆ —
تە ئەم
من هوون
ئەوی ئەو
— دشاندن

**حـ) ڕابوردووی تەواو .**

تاك —
تە ئەز شاندمە
من تو شاندیی
ئەوی ئەو شاندیە[٢٩]

کۆ —
تە ئەم
من هوون
ئەوی ئەو
— شاندنە

**د) ڕابوردووی دوور .**

تاك —
تە ئەز شاندبوووم
من تو شاندبووی
ئەوی ئەو شاندبوو

کۆ —
تە ئەم
من هوون
ئەوی ئەو
— شاندبوون[٣٠]

ئەم جێناوانە ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی دەچنە سەر کردار ، بەڵام بەزۆر بەشە ئاخاوتنی تریشەوە دەلکێن . وەك :

**١ ـ دەچنە سەر ناو ، بە وێنە :**

ئەز مەمم ، توژی زینی ..

(مەمێ ئالان ، ل ١١٠)

خوە ئەز نەعەلی **مەمەدم** (کوردۆ ، ل ٤٤)

**٢ ـ بە ئاوەڵناوەوە دەلکێن ، بە وێنە :**

ساقی ! مەبگر کو ئەز بدەستم
**مەخموورم** مەیەخوارێ **مەستم**

(خانی ، ل ٣٠٠)

... ئەز **غەریبم** نزانم ڕییان و دەربانە

(مەمێ ئالان ، ل ٦٤)

**٣ ـ لەگەڵ زۆربەی جێناوەکاندا دێن ، بە وێنە :**

... چەکۆ قەرەتازین ، پسمامێ **منن**

(مەمێ ئالان ، ل ٤٩)

مەخمووریێ بێجامێ **ئەزم**
بەغماگرێ ڕامێ **ئەزم** (جزیری ، ل ٢١٧)

ئەز بدەستێ **خوەمە**

(مەمێ ئالان)

... هتد .

## پەراوێزەکان :

(١) دواتر بە نموونەو بەڵگە ئەو ڕاستی یە ئیسپات دەکەین .

(٢) هەندێ لە نووسەران ئەم تایبەتێتی یەیان دەست نیشان کردووە .
بە وێنە ، بڕوانە :
ا) د. مەکسیمی خەمۆ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی « وڵاتانو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیکو ناوەڕاست » ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٤١ .
ب) صادق بەهائەدین ئامێدی ، ڕێزمانا کرمانجی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٤٥ .

(٣) بڕوانە : د. چەرکەزی بەکۆ (باکاییڤ) ، زمانی کوردەکانی سوڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٧٠ ـ ١٧١ .

(٤) بڕوانە : جگرخوین ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٧٥ .

(٥) بڕوانە ، سەرچاوەی ناوبراو : د. چەرکەزی بەکۆ ، زمانی کوردەکانی سوڤێت ، ل ١٧٠ ـ ١٧١ .

(٦) بڕوانە :
ا) سەرچاوەی ناوبراو : د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، ل ٣٤١ .
ب) سەرچاوەی ناوبراو : صادق بەهائەدین ئامێدی ، ڕێزمانا کرمانجی ، ل ٤٥ .

(٧) وەك :
ب خوەدێ ئەز **دترسم** ژگۆلا خوینیانە
(مەمێ ئالان ، ل ٦٤)

(٨) وەك :
ئەمرێ من ئوژ چاردان دەرکەتی یە ، **دکەڤە** پانزدانە .
(مەمێ ئالان ، ل ٤٩)

(٩) وەك :
وەختا دنیا دبەبەرێ سبحێ ، مەلە ببانی **دکەڤن** سەرێ مینارانە .
(مەمێ ئالان ، ل ٥٠)

(١٠) وەك :
ئەزێ **بمرم** ..
(کوردۆ ، ل ٣٩)

(١١) وەك :
ئەگەر ئەزنها دەستی خوە باڤێژم حەقیبا بوز ، ب دەرخینم دوو جەوهەرانە ، تویێ هنگێ **بزانی** بڕانیا سەروەتا میرانە .
(مەمێ ئالان ، ل ٧٦)

(١٢) وەك :
گۆت : « گاڤا ئەز **کەتم** ڤی ئیشێ دلانە
(مەمێ ئالان ، ل ٧٠)

(١٣) وەك :
ئەزنزانم تو ب غوربەتێ **کەتی** قەتیایی ژمحەبەتا باڤ و دییانە
(مەمێ ئالان ، ل ٧٧)

(١٤) وەك :
ماعرێ ڕەش ڕەڤی چوو ، لێگولە لدێلا من **کەت** ..
(کوردۆ ، ل ٣٦)

(١٥) وەك :
مەم و زین **کەتن** وەهمێ وەکی جەندەکێ مرییانە
(مەمێ ئالان ، ل ٥٤)

(١٦) وەك :
دەستێ خەلکێ **دکەتن** پاشلا وانە
(مەمێ ئالان ، ل ٦١)

(١٧) وەك :
ئەز نزانم بێ تو دکورێ **کەتی یە** دایرا منا ڕەنگین
(مەمێ ئالان ، ل ٤٩)

(١٨) وەك :
هێدی ، هێدی ، ب ئاخافتن و سبەتێ ، **کەتنە** خەوا شەڤانە
(مەمێ ئالان ، ل ٥٤)

(١٩) وەك :
ئەز **کەتبووم** خەوا شەڤانە
(مەمێ ئالان ، ل ٤٨)

(٢٠) وەك :
ئەوی دخوەست **بزانبوویا** سوڕاوی
(کوردۆ ، ل ٤٣)

(٢١) وەك :
ئەزێ **بدەم** تە ..
(کوردۆ ، ل ٣٩)

(٢٢) شایانی باسە د. وریا عومەر ئەمین ئەم ڕاستییەی خستۆتە پێش‌چاو . بڕوانە : د. وریا عومەر ئەمین ، پەیوەندی ڕاناوو فرمان لە کرمانجیی ژووروودا ، گۆڤاری « کاروان » ، ژ ٢ ، هەولێر ١٩٨٢ ، ل ٤١ ـ ٤٣ .

(٢٣) کوردناسانی سۆڤێت ، بەتایبەتی ، د. قەناتی کوردۆ باسی ئەم حاڵەتەی کردووەو ناوی ناوە دارشتنی بێ‌ئۆبێکتی بڕوانە : د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییف) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٧٨ ـ ١٧٩ .

(٢٤) وەك :

عەلی مەمەد .. لی‌ماعرێ قەرقاش **کر** و **نەکر**

(کوردۆ ، ل ٣٥)

(٢٥) وەك :

ڕۆژەکێ عەلی مەمەد ل چۆلێ ناف مێشەو نەوالا ، دبەر پالا بەر ڕوژە چیا نێچیر **دکر** .

(کوردۆ ، ل ٣٥)

(٢٦) وەك :

من قەرار **کری‌یە** .

(کوردۆ ، ل ٤١)

مەعرێ ڕەش‌وێ خوە **کری‌یە** بن مەعرەکی دنێ ..

(کوردۆ ل ٤١)

(٢٧) وەك :

عەلی مەمەد .. خوە شاش **کربوو** ..

**(کوردۆ ، ل ٤١)**

(٢٨) د. قەناتی کوردۆو د. چەرکەزی بەکۆو هەندێکی دی ئەمەیان زۆرباش باس‌کردووە بە حاڵەتی (ئۆبێکتی) ناویان بردووە .

(٢٩) وەك :

باڤێ‌وی ...

قیزا خوە **شاندی‌یە** پێش‌تە (مەمێ ئالان ، ل ٦٣)

(٣٠) وەك :

جل‌و شورێ مەمێ **شاندبوون** ل‌تەرکیانە

(مەمێ ئالان ، ل ١٥٩)

# ئام...
# لە ت...

محەمەد هەورامانی

ئامرازی (لە) ، هەروەك ، هەر ئامرازێکی دیکەی زمانی کوردیی ، چەند دەورو چەند کردەوەیەکی بزێوانەو چەند ئەرکێکی سینتاکسیانە بەڕێوە دەبات . بەشێوەیەکی ڕوونتر ، هەندێ جار دەورو ئەرکی پریپۆزیشن دەگرێتە ئەستۆی خۆی‌و هەندێ جاری دیکەش ئەرك‌و کردەوەی ئاوەڵکاریانەو جۆرەکانی بەڕێوە دەبات‌و ناوبەناویش ، وەك کەرەسەیەکی بزێو ئەرکی پێکهێنانی فرەبزۆ[1] زاراو[2] جێ‌بەجێ دەکات .

ئێمە ، بۆ یەکالا کردنەوەو چاکناسینی ئەم ئامرازە (واتە : ئامرازی ، لە) ، پەنا دەبەینە سەر سێ شێوە زار : شێوەزارێ ، کە بە شێوەزاری ئەدەبی ناوبانگی دەرکردووەو شێوەزاری ناوچەی بادینان ، کە ناوبانگی - (لە - زانستیی زماندا) - بە کرمانجیی ژووروو دەرکردووەو شێوە زاری